گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێگەی ژینگەی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان لەنێو پۆلێنی سیستمەکانی ڕاگەیاندندا: توێژینەوەیەکی تیۆرییە

**هەژان خالید ئەحمەد**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان, زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
hazhankhalid@gmail.com

**پ.د.سەلام نصرالدین محمد**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
salam.mohammed@univsul.edu.iq

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٢/١٤
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Media System*
*Media Landscape*
*Kurdistan Region*
*Media Ownership Polarized Pluralist*

پوختە

دیاریکردنی سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بابەتی ئەم توێژینەوەیەیە. لەم سۆنگەیەوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی دیارترین پۆلێنەکان بۆ دیاریکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهاندا و تاوتوێکردنی ژینگەی ڕاگەیاندنی کوردی لە بەر ڕۆشناییاندا. بەپشتبەستن بە ڕێبازی تیۆریی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە کراوە. گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی نزیکە لە مۆدێلی فرەلایەنی جەمسەربەند/ وڵاتانی دەریای ناوەڕاست (Polarized Pluralist Model)، بەهۆی بوونی چەند تایبەتمەندییەک لەم ژینگەیەدا، لەنێویاندا، بوونی پەیوەندی بەهێز لەنێوان کایەی سیاسەت و ڕاگەیاندن ،تیراژی ڕۆژنامەی کاغەز ئاستێکی نزمی هەیە، هەروەها ئاستی پیشەیی‌بوون و سەربەخۆیی ڕۆژانامەوانی لاوازە، ڕاگەیاندنی نیشتمانی لاوازە و دەستێوەردانی دەسەڵات بۆ کاروباری ڕاگەیاندن لە ئاستێکی بەرزدایە.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.6

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

تێگەیشتن لە ژینگەی کاری ڕاگەیاندن و ئەو بونیادە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییانەی ئەم ژینگەیە پێکدەهێنن، زەمینەیەکی لەبار بۆ تێگەیشتن لە ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی دەڕەخسێنێن. ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی توندوتۆڵییان لەگەڵ پەیکەری سیاسی و حکومڕانی و ئابووریدا هەیە و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو قۆناغە مێژووییانەی کۆمەڵگەکانی پێدا تێپەڕدەبن. چەندین تیۆر، چەمک و چوارچێوەی زانستی، لەلایەن توێژەرانەوە بۆ پۆلێنکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن (Typologies of Media System)دارێژراون.

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ خستنەڕووی بەشێکیاندا، تویژەران پێگەی ڕاگەیاندنی کوردی لەنێوان سیستمەکانی ڕاگەیاندندا دیاریدەکەن. بە پشتبەستن بە چوارچێوە زانستییەکەی (دانیاڵ هالین و پاولۆ مانسینی) بۆ پۆلێنکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن، لە سێ قۆناغی سەرەکی پاش ڕاپەریندا (Syan, 2015, Ismaeli, 2015) بابەتەکە تاوتوێدەکەن. ئەوانیش قۆناغی (١٩٩١-٢٠٠٠) کە وێستگەکانی، ڕاگەیاندن ساڵانی سەرەتایی پاش ڕاپەڕین، ڕاگەیاندن لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەییدا لەخۆدەگرێت، لەگەڵ قۆناغی (٢٠٠٠-٢٠١٠)، کە وێستگەکانی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ئەهلی و ڕاگەیاندنی سێبەر دەگرێتەوە. هەروەها قۆناغی (٢٠١٠-٢٠٢٣) کە سەردەمی ڕاگەیاندنی نوێیە. (هاوژین عومەر، ٢٠٢١). بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو پاژی سەرەکیدا بەم شێوەیە: پاژی یەکەم، ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، پاژی دووەم، تایبەتە بە زانیاریینامە، کە پاری یەکەمی باس لە پۆلێنکردنی سیستەمەکانی ڕاگەیاندن دەکات و پاری دووەم تایبەتە بە خاوەندارێتی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، پاری سێیەم دەربارەی دیاریکردنی سیستمی ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم
# ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١.١ .کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناڕوونی ژینگەی کاری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، کە بریتیین لە:

پ١: گرنگترین پۆلێنە زانستییەکان بۆ دیاریکردنی سیستەمەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا کامانەن؟
پ٢: دیارترین مۆدێلەکانی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا کامانەن؟
پ٣: سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەکەوێتە پۆلێنی چ سیستمێکی ڕاگەیاندن؟

### ٢.١ .گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە دەستپێشخەرییە زانستییەکان لە توێژینەوەکانی بواری سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا سیستمی ڕاگەیاندنی کوردی دیاریدەکات، هەر بۆیە دەکرێت پاڵنەرێک بێت بۆ توێژەران تاوەکو کار لەسەر ئەم ئاڕاستە سەردەمیانەیەی بواری توێژینەوەی زانستی بکەن.

### ٣.١ .ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک چەند ئامانجێکی زانستی لە پشتەوەیە، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە:

١.خستنەڕووی دیارترین پۆلێنەکان بۆ دیاریکردنی سیستەمەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهاندا.
٢.تاوتوێکردنی مۆدێلەکانی خاوەنداری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.
٣..دیاریکردنی سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤.١ .ڕێبازی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (تیۆریی) بەکارهێنراوە، بە پشتبەستن بە چوارچێوە زانستییەکەی (دانیاڵ هالین و پاولۆ مانسینی) بۆ پۆلێنکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی توێژەران لە بواری ڕاگەیاندن بەشێوازی ئەکادیمی و پراکتیکی،هاوتا لەگەڵ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە پسپۆڕان، چاودێران و ڕۆژنامەوانانی بوارەکە، ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان تاوتوێدەکرێت.

**٥.١ .بواری توێژینەوەکە:**

بواری کاتی ئەم توێژینەوەیە ئەو ماوە گریمانییەیە، کە توێژەران تێیدا لە ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەکۆڵنەوە و بریتییە لە ساڵی(١٩٩١-٢٠٢٣).

**٦.١ .دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:**

**١.٦.١. ژینگەی ڕۆژنامەوانی**: لەم توێژینەوەیەدا بەواتای ئەو ژینگە دەرەکییە دێت کە دامەزراوە ڕاگەیاندنە جیاوازەکان کاری تێدا دەکەن.

**٢.٦.١. هەرێمی کوردستان:** ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە چێوەی کۆماری عێراق و، لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە(مادەی (١١٣)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥).

**٣.٦.١. سیستمی ڕاگەیاندن:** مەبەست لێیی تەواوی ئەو سیستمەیە، کە کاری ڕاگەیاندنی تێدا ڕێکخراوە و هەر وڵات و ناوچەیەک خاوەنی سیستمی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیەتی کە ئاوێنەی سروشتی سیاسی، ئابوری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیە.

# بەشی دووەم

# زانیارییینامە

## ١.٢. پۆلێنکردنی سیستەمەکانی ڕاگەیاندن:

سیستمی ڕاگەیاندن کۆمەڵێک دامەزراوە و کردەی میدیاییە، کە بەوە دەناسرێن کارلێک لەگەڵ یەکدا دەکەن. (Hardy, 2008, pp. 5–8) کارەکانی سیبێرت، پیترسۆن و شرام لەژێر ناونیشانی چوار تیۆرەکەی ڕۆژنامە (Four Theories of the Press) بە یەکێک لە سەرەتایترین هەوڵە زانستییەکان بۆ پۆلێنکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، ئەوانیش، سیستمەکانی دەسەڵاتخوازی، ئازادی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیستی سۆڤیەتن. (Siebert, et al., 1956) ئەم هەوڵە زانستییە بۆ گەنگەشەکردن و تێگەشتن لە سیستمەکانی ڕاگەیاندن و ئەرکە پێوانەییەکانی (Normative functions) بۆ سەردەمی خۆی کارێکی زانستی گرنگ بوو، بەڵام بە ئامانجی وەسف و شیکارێکی وردتر و گشتگیرتر بۆ سیستمەکان چەندین توێژینەوەی دیکە ئەنجامدراون.

ویلیەم هاتکین لە ساڵی (١٩٨١) دا پێنج چەمکی (Five Concepts Typology) بۆ سیستمەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای چوار تیۆرەکە دارشتەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە سیستمی ڕۆژئاوایی، گەشەپێدان، شۆڕشگێڕی، دەسەڵاتخوازی و کۆمۆنیستی. (Sterling, 2009) هاتکین چەمکی ڕۆژئاوایی بۆ گوزارشتکردن لە سیستمە (تێکەڵاوەکان) لە پرنسیپەکانی تیۆری لیبراڵی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا. مەبەستیشی لە چەمکی گەشەپێدان بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو سیستمانە بەکارهێنا، کە هەڵگری بیرۆکەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیستی بوون.

هەروەها چەمکی شۆڕشگێڕانەی بۆ گوزارشتکردن لەو جۆرە سیستمە بەکارهێنا، کە لەماوەیەکی دیاریکراودا دەبێت بە سیمای سیستمی ڕاگەیاندن لە ناوچەیەکدا. (Christians et al., 2009)بەپێی ئەم پۆلێنکردنە هەردوو چەمکەکانی دەسەڵاتخوازی و کۆمۆنیستیش هەمان ئەو مانایەیان دەبەخشی، کە لە چوار تیۆریەکەی ڕۆژنامەدا پێشتر باسکرابوون. پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت نوسەر لە ساڵی (١٩٩٢)دا سیستمی سۆڤیەتی لە پۆلێنکردنەکەدا لابرد. (1983) McQuailسیستمەکانی ڕاگەیاندنی بۆ، دەسەڵاتخوازی، ئازادی، بەرپرسیارێتیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی، سۆسیالیستی، بەشداریی دیموکراسی لەگەڵ گەشەپێدان دابەشکرد. Picard (1985) پۆلێنیکردن بۆ ڕۆژئاوایی، ( لیبراڵی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، سۆسیال دیموکراتی) لەخۆدەگرت لەگەڵ شۆڕشگێڕی، شیوعی، دەسەڵاتخوازی.

لە کتێبێکدا کە دواتر بووە بنەمای توێژینەوە بەراوردکارییەکانی سیستمەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهاندا، Hallin and Mancini (2004) لەسەر بنەماکانی ١)گەشەسەندنی بازاڕی ڕاگەیاندن؛ ٢)هاوتەریبی سیاسی، ٣)گەشەسەندنی پیشەییبوونی ڕۆژنامەوانی؛ ٤)ڕادە و سروشتی دەستوەردانی دەوڵەت، سیستمی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواییان بەسەر سێ مۆدێلدا دابەشکرد:

**یەکەم:مۆدێلی دەریای ناوەڕاست\جەمسەربەند (The Mediterranean or Polarized Pluralist Model)**،کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە بارگاویبوون و تێوەگلانی ڕاگەیاندن لەگەڵ سیاسەتدا، بەتایبەت لە سەروبەندی ناکۆکییە سیاسییەکاندا، بەکارهێنانی ڕاگەیاندن وەک ئامرازێکی ئایدۆلۆجی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییە سیاسییەکان، کەمی تیراژی ڕۆژنامەکان، نزمی ئاستی بێلایەنیی پیشەیی و بەرزی ئاستی دەستێوەردانی دەوڵەت و قۆرخکردنی ڕاگەیاندنی پەخشی گشتی لەژێر دەسەڵاتی حیزبە سیاسیە فەرمانڕەواکاندا (Papathanassopoulo, 2007). دیارترین نموونەکانی وڵاتەکانی ئەم مۆدێلە، بریتین لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، یۆنان و پورتوگال.

**دووەم: مۆدێلی باشوور و ناوەڕاستی ئەوروپا / کۆمپانیاگەرایی دیموکراسی (The North/Central European or Democratic Corporatist Model)** ، کە دیارترین خەسڵەتەکانی بریتین لە، بەرزی تیراژی ڕۆژنامەکان، پێگەی بەرزی ڕۆژنامە بازرگانییەکان، بوونی فرەیی لە سیستمی پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا، بەرزی ئاستی پیشەیبوونی ڕۆژنامەوانی، بەهێزی دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ڕاگەیاندندا بە ڕەچاوکردنی پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی. (Strömbäck, Ørsten and Aalberg, 2008) ئەڵمانیا، هۆڵەندا، نەرویج و بەلجیکا لە دیارترین نموونەی ئەو وڵاتانەن کە لە چوارچێوەی ئەم مۆدێلەدان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: مۆدێلی باکووری ئەتلانتیک یان لیبراڵی (The North Atlantic or Liberal Model)**، کە لەژێر بیری لیبراڵیزمی کلاسیکدا بنیاتنراوە و کەمترین ڕێگە بە دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ڕاگەیاندندا دەدات و ئازادی ڕادەربڕین ئاستێکی بەرزی هەیە.(Esser and Hanitzsch, 2012)، بوونی ڕاگەیاندنی بازرگانی، ئاستێکی بەرزی پیشەییبوونی ڕۆژنامەوانی، بەرزی ئاستی فرەیی ناوخۆیی لە ئەمریکا و فرەیی دەرەکی لە بەریتانیادا لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم مۆدێلەن.

پاش دارشتنی ئەم چوارچێوە زانستییانەی پێشتر خرانەڕوو، بەشێک لە توێژەران درکیان بە بوونی بۆشایی لە پۆلێنکردنی سیستەمەکانی ڕاگەیاندندا کرد. بەتایبەت یەکێک لە ڕەخنەکان بریتی بوو لە پشتگوێخستنی پێگەی زۆرینەی ولاتانی تازەپێگەیشتوو لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا لە پۆلێنی سیستەمەکاندا. هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا توێژەران چەندین لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، کە دواتر بوونە هۆی لەدایکبوونی چەندین چەمکی پەیوەست بە بوارەکە، وەکو پۆلێنەکەی(Martin and Chaudhary (1983، کە سیستەمەکانی ڕاگەیاندنیان دابەشکرد بۆ ڕۆژئاوایی، کۆمۆنیست و جیهانی سێیەم. بە شێوەیەکی گشتی دەستپێشخەرییە زانستییە ناوخۆییەکان و ئەو پۆلێنکردنانەی بۆ سیستەمەکانی ڕاگەیاندن لە ولاتانی جیهاندا کراون بەهادارن، بەڵام چوارچێوەکەی هالین و مانسینی بە پێی ئەوەی یەکێک لەنوێترین هەوڵە زانستییەکانن لەم بوارەدا، بنیادی توێژینەوە بەراوردکارییەکانییان بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی ڕاگەیاندن لە ولاتانی جیهاندا پێکدەهێنن، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئاراستەی تاوتوێکردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو چوارچێوەیەدا بێت.

### ٢.٢ .خاوەندارێتی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستاندا:

لە تاوتوێکردنی ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە هەردوو ڕەهەندی مێژووی سەرهەڵدان و خاوەندارییی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە بایەخەوە تەماشابکرێن. ڕزگاربونی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس هاوشێوەی کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەر ڕاگەیاندنی کوردیدا هێنا. کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێم پاش ڕاپەرینی ئاداری (١٩٩١)، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)دا، و چەندین گۆڕانکاریی ڕیشەیی دیکە، کە لەماوەی تەمەنی حکومڕانی کوردیدا بەسەر دۆخی سیاسی و ئابووریدا هاتن، لە ژینگەی ڕاگەیاندندا ڕەنگیاندایەوە. چەندین چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دامەزران و لەگەڵ پەرەسەندنی هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، گۆڕانکارییە دیجیتاڵییەکان، لەنێویاندا فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ژمارەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زیادیان کرد.

بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، (٣٣٢) کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ئێزگەی ڕادیۆی لە هەرێمی کوردستاندا پەخش دەکەن، کە پێکدێن لە (١٢٦) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆی، (٣١) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی و (١٧٥) ڕادیۆ.(سامان جەلال، ٢٠٢٣) هەروەها بەپێی گوتەی بژار حەکیم، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، (٩٩) ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی تاوەکو ساڵی (٢٠٢٢)، لە سەندیکاکە تۆمارکراون (١٧-١٠-٢٠٢٣،چاوپێکەوتن)جگە لەوە دامەزراوە ڕاگەیاندنە باوەکان (Mainstream Media)لە بواری ڕاگەیاندنی جێگرەوەدا (Alternative Media) خاوەنی ماڵپەری فەرمی و پلاتفۆرمن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بە گشتی مۆدێلەکانی خاوەندارییی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهاندا بریتین لە، مۆدێلی ڕاگەیاندنی حکومی، مۆدێلی خزمەتگوزاریی گشتی و مۆدێلی ڕاگەیاندنی بازرگانی. یەکێک لە پۆلێنکردنەکان خاوەندارییی ڕاگەیاندن دابەشدەکات بۆ چوار جۆر جۆر ئەوانیش، گشتی، کە ئامانجی خزمەتی گشتییە، بازرگانی، بۆ بەدەستهێنانی قازانج هەوڵدەدات، هەروەها سیاسی، کە وەک ئامرازێکی سیاسی بە ئاڕاستەی لایەنگیری یان لێدانی کەسایەتییە سیاییەکان، جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان یان هەر دۆسیەیەک کە خاوەنەکەی دەیەوێت کاردەکات، لەگەڵ مۆدێلێک کە چاوی تەنها لەسەر وەرگرەکانیەتی (Benson, 2016) خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ئەوروپادا لەلایەن بەسەر جۆرەکانی، خاوەنداری تاکەکەس(تایبەت)، خاوەندارێتی خێزان، خاوەندارێتی بازرگانی، خاوەندارێتی گشتی دابەشکراوە.(Humprech, 2019) لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا لەپاڵ ئەم مۆدێلانەدا ڕاگەیاندنی حیزبی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکردنی مۆدێلەکانی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە، بەوپێیەی زانیاری فەرمی سەبارەت بەلایەنی پارەدارکردن و خاوەندارێتی زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەبەردەستدا نین. هەرچەندە خاوەنداری ڕاگەیاندنە حیزبییەکان ئاشکران، بەڵام سەرچاوەی پارەدارکردنی زۆرینەی ئەو دامەزراوانەی لەژێر ناوی ئەهلیدا کاردەکەن ناڕوونە. توێژینەوەی کاروان عەبدوڵڵا (٢٠٢٢) دەریخستووە، ژمارەیەکی کەم بە ڕێژەی (١٠%)ی بەڕێوبەرانی دامەزراوە ڕاگەیاندنە کوردییەکان زانیارییان سەبارەت بە سەرچاوەی پارەدارکردنیان ئاشکراکردوە، دەرئەنجامێکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی کوردی وەک سەرچاوەی دارایی بە پلەی یەکەم پشت بە خاوەندارێتی حیزب و کەسایەتی سیاسی دەبەستن و بە پلەی دووەم هاوکارییەکانی حیزب، کۆمپانیا و کەسایەتییەکان دێن و بە دوای ئەوانیشدا بە پلەی سێیەم پشت بە ڕیکلام دەبەستن. بە بۆچوونی هەردەوان کاکەشیخ و عبدالخالق ئیبراهیم (٢٠١٧) بوونی شێوازی ناڕوون لە دەرخستنی سەرچاوەی پارەدارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەت ئەوانەی پشت بە ڕیکلام دەبەستن، ئاماژەیە بۆئەوەی ڕاگەیاندنەکان ئەزموونێکی زۆریان لە چۆنیەتی خۆدزینەوە لە ئاشکراکردنی سەرچاوەی داهاتەکانیاندا هەیە. هەرچەندە ناتوانرێت خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیاریی بکرێت، بەڵام بەشێک لە توێژینەوەکان (Reporters Without Borders, 2010; Hussein, 2018 and Taha, 2020) ڕاگەیاندنی کوردییان بەپێی لایەنی پارەدارکردن و بونیادی خاوەندار بۆ سێ جۆر پۆلێنکردووە، ئەوانیش:

**یەکەم: ڕاگەیاندنی حیزبی(Partisan Media)**

لە سەرەتاکانی قۆناغی پاش ڕاپەڕین و لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا،خاوەندارێتی ڕاگەیاندن بەسەر دوو ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دابەش بوو بوون. بە ڕای د. ئیبراهیم سەعید، مۆدێلی ڕاگەیاندنی کوردی لەم وێستگەیەدا درێژکراوەی مۆدێلی پێش خۆی بووە، کە بە مۆدێلی 'شاخ' ناوی دەبات. (٣-٩-٢٠٢٣، چاوپێکەوتن) لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، ژمارەیەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن حیزبە سیاسییە کوردییەکانەوە دامەزران و بوون بە مینبەری بەیانکردنی پەیامەکانیان. کۆتایی نەوەدەکان چەندین کەناڵی حیزبی دەستیان بە پەخش کرد لەوانە، کەناڵی (گەلی کوردستان) لە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٩١)دا لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەروەها کەناڵی (کوردستان تیڤی) لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٩٢)دا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان. دواتر یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەرکرا و ڕۆژنامەی (برایەتی)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی (١٩٩٣) دەرچوێنرایەوە .(هەڤاڵ، ٢٠٠٢)

لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا لە ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٦)، ڕاگەیاندنی فەرمی یەکێتی و پارتی لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیان باڵادەستبوون (Mawlood, 2011). نوسەر و ڕۆژنامەنووس، توانا عوسمان (چاوپێکەوتن، ٢١-٩-٢٠٢٣ ) لەمبارەیەوە دەڵێت، لەوکاتەدا دەنگی سیاسی حیزبە بچوکەکانی دیکە کپکراون، لەپاڵ داگیرکردنی بارەگا حیزبییە ڕکابەرەکاندا، ڕادیۆ و بڵاوکراوەکانیشیان دادەخران. لە قۆناغی نە شەڕ نە ئاشتی لە ساڵی (١٩٩٦-١٩٩٨)دا، بە هەماشێوەی وێستگەی پێشوو خاوەندارێی ڕاگەیاندن بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و هەندێک حیزبی بچوک دەگەڕانەوە. کەناڵی (کوردستان تی ڤی) وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانی لە ساڵی (١٩٩٨) لە هەولێر پاش ساڵێک لە پەخشی ئەزموونی، بە تەواوی دەستی بە پەخشکردن کرد. دواتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٠)دا پەخشی کەناڵی ئاسمانی (کوردسات)ی لە سلێمانییەوە دەستپێکرد. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ئێزگەی ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزبی تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٠) دامەزران. پاش دامەزراندنی کۆمپانیای (وشە) لە ساڵی (٢٠٠٧) و دەرکردنی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)و دامەزراندنی تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN) لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، دواتر دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان وەک حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن، ڕاگەیاندنی بەرهەڵستکار سەریهەڵدا. (Gharib, 2016) هەر لەو ساڵانەدا حیزبە ئیسلامییە ئۆپۆزیسیۆنەکان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٨)دا و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٩) دا، هەردوو کەناڵی ئاسمانی

(پەیام) و (سپێدە)یان دامەزراند، کە ئامانجییان ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتەکانی حکومڕانیی کوردی بوو.(Hussein, 2018)

هەرچەندە مۆدێلی ڕاگەیاندنی حیزبی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەرەو نەمان چووە، بەڵام ئەم جۆرە لە سەرەتاکانی قۆناغی پاش ڕاپەڕین، تاوەکو ئێستا ڕووبەرێکی فراوانی لە ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا داگیرکردووە. زۆری بەشداران لە توێژینەوەی شوان ئەیفس (٢٠٢٢, ل. ٩٢٥) ئەمە وەک کێشەیەکی گەورە دەبینن و جەختدەکەنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە، پێویستە (ماددەی ١٣) لە بڕگەی یەکەمی یاسای حیزبەکانی ساڵی (١٩٩٣)، کە پەیوەستە بە مافی خاوندارێتیی حیزبی هەمواربکرێتەوە، بەجۆرێک "سەرچاوەی داهات و دارایی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتیەکانی حیزب لەسەر حسابی بودجەی گشتی نەبێت، هەروەها ژمارەی ڕاگەیاندنەکانی حیزب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی و چۆنێتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی کارکردنیان دیارکراو و ڕوون و ئاشکرابێت".

**دووەم: ڕاگەیاندنی ئەهلی(Private Media)**

ساڵی (١٩٩٩) بەدواوە لەپاڵ ڕاگەیاندنی حیزبی، چەندین دامەزراوەی ئەهلی هاتنەکایەوە. لەگەڵ بەردەستبوونی هێڵەکانی ئینتەرنێت و پاشان فەراهەمبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی گەورەیان بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاگەیاندنە ئەهلییەکان و گەیاندنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان ڕەخساند. (جوان جەلالەدین، ٢٠٢٢) ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ساڵی(٢٠٠٠)دا وەک نۆبەرەی ڕۆژنامەی ئەهلی لەلایەن گروپێک لە ڕۆژنامەوانانەوە دامەزرا. دواتر گۆڤاری لڤین لە (٢٠٠٢) و ڕۆژنامەی ئاوێنە لە (٢٠٠٦)دا دەرچوێنران.(Ismaeli, 2015) ڕاگەیاندنە ئەهلییەکان بابەتی ڕەخنەیی و بەدواداچوونیان سەبارەت بە پرسە هەستیار و پەیوەندیدارەکان بە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بڵاودەکردەوە. هەندێک باوەڕیان وایە، لەدایکبوونی چاپەمەنییە ئەهلییەکان لە بۆشایی و کەمتەرخەمییەکانی چاپەمەنییە حیزبییەکاندا لە گواستنەوەی دەنگ و خەمەکانی خەڵک دروست بوون. (هێرش موراد، ٢٠٠٦) چونکە لە ڕاگەیاندنی حیزبیدا ئازادیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕادەربرین سنووردار بووە و قسەکردن لەسەر کەمتەرخەمییەکانی دەسەڵاتداران و حیزبە سیاسییەکان هێڵی سوور بوون.

پاش بەشداریکردنی بزوتنەوەی گۆڕان لەپاڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، دوای هەڵبژاردنی تەمووزی (٢٠٠٩) و هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی (٢٠١١) دا، کەناڵی ئاسمانی (NRT) ، وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی هەواڵیی کەرتی تایبەت دەستی بە پەخش کرد، کە بودجەکەی لەلایەن (کۆمپانیای نالیا)وە دابیندەکرا. (ماڵپەڕی ئێن ئار تی، ٢٠٢٣)، بەڵام دوابەدوای دامەزراندنی (جوڵانەوەی نەوەی نوێ) لەلایەن خاوەنی کۆمپانیاکە و بەشداریکردنیان وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٨)دا، کارێکی ئاسان نییە بەشێوازێکی یەکلاکەرەوە لە هەمان پۆلێنی ڕاگەیاندنی ئەهلیدا هەژماربکرێت. پێویستە ئەوەش لەبیر نەکرێت، سەرچاوەی دارایی ڕاگەیاندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا هەمیشە سەربەخۆ نەبووە؛ ئەگەرچی پشتیان بە یەکێک یان زیاتر لە سەرچاوەکانی وەکو، ڕیکلام، سەرمایەداران، خێرخوازان یاخود پاڵپشی دارایی نێودەوڵەتی بەستووە، بەڵام زۆرجار بەهۆی خراپی بارودۆخی داراییان و وەستانی پاڵپشتییە داراییەکان پشتیان بە گروپ و لایەنە سیاسییەکان بەستووە و پارەیان لێوەرگرتوون. بەشێکیشیان ناچاربوون لەڕێگەی ڕۆژنامەوانە خۆبەخشەکانەوە بابەتەکانیان بەرهەمبهێنن و بڵاوبکەنەوە. زۆرجاریش بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی دارایی پەنایان بردۆتە بەر ئەنجامدانی کەمپەین بۆ کۆکردنەوەی هاریکاریی دارایی. (Hussein, 2018)

**سێیەم: ڕاگەیاندنی سێبەر(Shadow Media)**

مەبەست لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکانە، کە لەڕووی شوناسەوە بانگەشەی سەربەخۆی دەکەن، بەڵام ناڕاستەوخۆ لەلایەن کەسایەتییە سیاسی و حکومییەکانەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن . (Taha, 2020)سەرباری ئەوەی زۆربەیان لەژێر ناوی کۆمپانیاکاندا یاخود کەسایەتییە سەربەخۆکاندا مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام ئاڕاستەی کارکردنیان، نزیکییان لە گروپ، کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکان ڕوندەکاتەوە. نموونەی ئەم مۆدێلە وەکو، (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە بە

(نزیک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی)، (دامەزراوەی کوردستان 24)، کە بە (نزیک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی) (دامەزراوەی کوردسات نیوز)، کە بە (نزیک لە بنەماڵەی سەرکردەی کورد جەلال تاڵەبانی) ناودەبرێن لەگەڵ چەندین دامەزراوەی ڕاگەیاندنی دیکە، کە لەلایەن حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن.

لەمبارەیەوە د. کاروان عەلی، دەڵێت"ئەم مۆدێلە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەژێر ناوی میدیای ئازاد و سەربەخۆوە لەڕێگەی پێدانی موچە و ئیمتیازاتی زۆرەوە بەشێک لە ڕۆژنامەوان و توانا مرۆییەکانی ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنی ئەهلییان بۆ خۆیان برد. "(١٣-٩-، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن) هەروەها لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوان توانا عوسمان، ڕاگەیاندنی سێبەر ڕوخسارێکی دیکەی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوی حیزبە، بەو پێیەی ڕاگەیاندنی ئەهلی ڕاستەقینە دەموچاوی خۆی و خاوەنەکەی ناشارێتەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی حیزبی کاتێک درک بەوە دەکات لە ڕێگەی فەرمییەوە ناتوانێت دەنگی بە هاوڵاتییان بگات، ناچار بە نافەرمی و سێبەر هەواڵ و زانیارییەکانی دەفرۆشێت. بەپێی ئەم بۆچوونە مۆدێلی ڕاگەیاندنی سێبەر "ڕاگەیاندنی گروپێکی سیاسی و حیزبییە، کە لە بەرگێکی ئەهلیدا و بەناوی سەربەخۆییەوە، دەیەوێت بینەر و خوێنەر ناسەربەخۆ بکات و ئاراستەی بکات." ڕاگەیاندنی سێبەر بۆتە جێگەی ڕەخنەی بەشێک لە چاودێران، بەوپێیەی سەرچاوەی دارایی زۆربەیان ناشەفافە و لە بودجەی گشتییەوە تەرخاندەکرێت. بە پارەی حیزب و گشتی بەڕێوەدەبرێن. هەردەوان کاکەشیخ و عبدالخالق ئیبراهیم (٢٠١٧) ڕاگەیاندنی سێبەر بە هەڕەشە بۆ سەر گەشەی دیموکراسی ناوزەند دەکەن، بەپێی ئەوەی زانیاری و ڕاستییەکان مۆنتاژ دەکرێن، بەشێک لە زانیاری ڕاست تێکەڵ بە پڕوپاگەندە وەک ڕاستی بە وەرگر دەدرێن و ڕای گشتییان پێچەواشە دەکرێت، ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر مافی تاک، ئاسایشی کۆمەڵگە و سەقامگیری سیاسی.

### ٢.٣. دیاریکردنی سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا:

ژینگەی ڕاگەیاندن و دەستنیشانکردنی سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بابەتی چەند توێژینەوەیەکی پێشوو بوون، لەنێویاندا توێژینەوەی (شێرکۆ مەنگوڕی، ٢٠١١؛ ئاڵا لەتیف،

٢٠١٣؛ ئیبراهیم سەعید، ٢٠١٨؛ هاوژین عومەر، ٢٠٢١) هەرچەندە لەڕووی میتۆد، ئامانج و سنووری توێژینەوە جیاوازی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، بەڵام زۆربەی دەرئەنجامەکانیان ئاماژەن بۆئەوەی سیستمی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا سیستمێکی (تێکەڵاو)ە، لە هەندێک لایەنەوە هاوشێوەی سیستمی دەسەڵاتخوازییە و لەهەندێک لایەنی دیکە هاوشێوەی سیستمی لیبراڵییە. هەر بۆیە، بۆچوونی توێژەران ئەوەیە، پێویستە سەرجەم ڕەهەندەکان بۆ تاوتێکردنی ئەم ژینگەیە لەبەرچاوبگیرێت و بە چاوی بایەخەوە تەماشای ئەو پێکداچوون و کارلێکانە بکرێت لەنێوانیاندا هەیە. وەک لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

**یەکەم: گەشەسەندنی بازاڕی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا:**

لە بەشێک لە وڵاتاندا سیمای دیاری بازاڕی ڕاگەیاندن بوونی چاپەمەنییەکانە، بەڵام لە هەندێک لە وڵاتانی دیکە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکان ڕووبەری ئەم ژینگەیەیان داگیرکردووە. هەروەها لە بەشێکیاندا خوێنەری ڕۆژنامەکان لە دەستەبژێرانی کۆمەڵگەن، بەڵام لە بەشێکی دیکەیاندا بۆ جەماوەری گشتین (Strömbäck, Ørsten and Aalberg, 2008) . تیراژی ڕۆژنامە و پەیوەندی مێژووی نێوان ڕۆژنامەکان و وەرگر پێوەرێکی سەرەکی هالین و مانسینییە بۆ دیاریکردنی سیستمی ڕاگەیاندن (Essar and Hanitzsch, 2013) . ئەگەر سەرنج لە مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی پاش ڕاپەڕین بدرێت، لە سەرجەم وێستگەکانیدا جیاوازی لە هەردوو لایەنی تیراژ و پەیوەندی ڕۆژنامەکان لەگەڵ وەرگر بەدیدەکرێت، بەڵام فرەیی و لێکنەچوونی داتاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەڕێوبەرایەتی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان بەربەستی لەبەردەم دیاریکردنی ئاستی ئەم جیاوازییە بە شێوازێکی ورد دروستکردووە.

بەپێی ئامارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاوەکو ئێستا (٩٨٦) ڕۆژنامە و گۆڤار تۆمارکراون، بەڵام بژار حەکیم، جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەندیکاکە دەڵێت، ئەگەرچی. زۆربەیان مۆڵەتیان لە سەندیکا وەرگرتووە، بەڵام ئێستا بە شێوەی کاغەز چاپناکرێن. (چاوپێکەوتن، ١٧-١٠-٢٠٢٣) ژمارەی تیراژی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ساڵی (١٩٩٢-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠٠٢)دا گەشتۆتە (٢٠٠) دانە. ئەم ژمارەیە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٠) بەرزبۆتەوە بۆ (٢٦٥) ڕۆژنامە و گۆڤار. (شێرکۆ، ٢٠١١)، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا ژمارەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان کەمبۆتەوە و چاپی کاغەزی زۆربەیان وەستاوە، لەنێویاندا وەستانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ساڵی (٢٠١٦)دا و هەفتەنامەی ڕووداو لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، تاوەکو ئێستاش چەند ڕۆژنامەیەک بە تیراژێکی کەم و لە دۆخێکی دژواردا بەردەوامن لە چاپکردن.

گۆڕانکارییەکانی پاش ساڵی (٢٠١٤)، کە دیارترینیان شەڕی داعش، بڕینی بودجە لە بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت بوو، کاریگەرییان بەسەر تیراژی ڕۆژنامەکانەوە بەجێهێشت. بەپێی گوتەی سەلام عەبدوڵا، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (خەبات) ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەر لە هاتنی داعش تیراژی ڕۆژنامەکە (شەش هەزار و پێنجسەد) بووە، بەڵام دوابەدوای ئەوە تەنها (دوو هەزار و دووسەد) دانە چاپدەکرێت. (١٨-١٠-٢٠٢٣، چاوپێکەوتن) تاریق فاتیح، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە باسکردنی ئەم بارودۆخە دەڵێت":پرۆژەکەی ئێمە یەکێک لە یەکەمین پرۆژەکان بوو، کە زۆر بە خێرای بەر ئەو قەیرانە کەوت، چونکە هەر سێ جۆر سەرچاوەی داهاتمان کە فرۆشی ڕۆژنامەکە، ڕیکلامەکان، ئاگاداری فەرمی حکومەت بوو بەرەو نەمان چوو، بەشێوەیەک لە ساڵی (٢٠١٦)دا بە ڕێژەی (٩٠%) دابەزی و لە زەرەردرا بووین و دواجار ناچاربووین ڕۆژنامەکەمان وەستان پاش وەستاندن و دەستپێکردنەوە، هەر ژمارەیەک (پێنج سەد دانە)ی چاپدەکرێت و لەو ژمارەیەش نزیکەی (سەد و پەنجا دانە)ی نافرۆشرێت." (چاوپێکەوتن، ١٨-١-٢٠٢٣)

**دووەم: هاوتەریبی سیاسی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا:**

هاوتەریبی سیاسی (Political Parralism) بە واتای ڕادە و سروشتی ئەو پەیوەندییە دێت، کە لەنێوان ڕاگەیاندن و حیزبە سیاسییەکاندا هەیە؛ دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ئەم پەیوەندییەوە ڕادەی هاوتەریبی سیاسی لە سیستەمی ڕاگەیاندندا دیاریدەکات. (Hallin and Mancini, 2004) بەپێی ئەم ڕوانگەیە، بۆ زانینی ئاستی هاوتەریبی سیاسی لە هەر سیستمێکدا، پێویستە توێژینەوە لە فرەیی دەرەکی (External Pluralism) و فرەیی ناوخۆی (Internal Pluralism)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکرێت. مەبەست لە یەکەمیان ئەوەیە، تاچەند دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان ڕەنگدانەوەی دابەشبوونە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکانی گروپەکانی ناو کۆمەڵگەن. هەتاوەکو فرەیی دەرەکی زیاتربێت هاوتەریبی سیاسی زیاتر دەبێت و ئەو مانایە دەبەخشێت، کە سیستمی ڕاگەیاندن بارگاوییە بە ئایدۆلۆجیای سیاسی. فرەیی ناوخۆییش لەو کاتەدا دێتە ئاراوە، کە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان خۆیان لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گروپە سیاسییەکان بەدووربگرن و هاوسەنگی لە ناوەڕۆکەکانیاندا هەوڵی لە پێشینەیان بێت. هەتاوەکو فرەیی ناوخۆیی زیاتر بێت ئاستی هاوتەریبی سیاسی نزم دەبێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

### ا\ فرەیی دەرەکی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا :

لە سەرجەم وێستگەکانی پاش ڕاپەڕیندا ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی دابەشبوونە سیاسی و هزرییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی بووە و فرەیی دەرەکی لە ئاستێکی بەرزدا بووە. لە دەیەی یەکەمی پاش ڕاپەڕین تاوەکو دەرکەوتنی چاپەمەنییە ئەهلییەکان ڕاگەیاندن لەژێر هەژمونی حیزبە کوردییەکاندا وەک بڵندگۆیەک بووە بۆ وەستانەوە دژی هەڵمەتە میدیایی و سیاسییەکان دژی گەلی کورد، هەروەها بۆ ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی حکومەت و پەرلەمان و پیشاندانی ئەو ستەمانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون بەکارهێنراوە (Syan, 2017) .دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و پەککەوتنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان، هەروەها دروستبوونی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا مۆرکی حیزبایەتی بە تەواوی باڵی بەسەر گوتاری ڕاگەیاندندا کێشا. هاوشێوەی قۆناغی پێشوو لە سەردەمی دروستبوونی چاپەمەنییە ئەهلییەکانەوە، تاوەکو ئێستا، فرەیی دەرەکی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ئاستێکی بەرزی هەیە و ئاوێنەی ئەو ژینگە سیاسییە، کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەسەڵات، گروپە چەپەکان، ئیسلامییەکان، کەرتی تایبەت و ڕۆژنامەنووسی هاونیشتمانیی پکهێنەرین.

**ب\ فرەیی ناوخۆیی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا:**

پاش ڕاپەڕین تاوەکو سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ئەهلی فرەیی ناوخۆیی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ئامادەیی نەبووە، ڕاگەیاندنی هەر حیزبێکی سیاسی بەرگریکاریی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی بووە و بواری بە دەنگە جیاوازەکان نەداوە. پەیامی ڕاگەیاندن ئاوێنەی ئەجێندای حیزب و زمانحاڵی خاوەندارەکانیان بوون. (Taha 2020) تەنانەت بە گوتەی د.کاروان عەلی (چاوپێکەوتن،١٢-٩-٢٠٢٣) ڕاگەیاندنی حیزبە بچوکەکانیش ناڕاستەوخۆ خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارییان کردووە، کە لەگەڵیاندا هاوپەیمان بوون. هەربۆیە لە ژینگەیەکی لەم جۆرەدا کارکردنی ڕۆژنامەوانان بەشێوازێکی هاوسەنگ و بێلایەن و دوور لە کاریگەریی سیاسی و ئایدۆلۆجی ئەستەم بووە. تاوتوێکردنی فرەیی ناوخۆیی لە قۆناغی ڕاگەیاندنی ئەهلی بەدواوە کارێکی ئاڵۆزە، چونکە ئاستەکەی بەپێی جۆری مۆدێلی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەگۆڕێت؛ لە ڕاگەیاندی حیزبی و سێبەردا نزمە و لە مۆدێلی ڕاگەیاندنی ئەهلیدا جیاوازە. بۆ نموونە، لە سەرەتای دەرکەوتنیاندا دامەزراوە ڕاگەیاندنە ئەهلییەکان جەختیان لەسەر بێلایەنی و ناپەیوەستی بە حیزبە سیاسییە کوردییەکان کردۆتەوە و سەکۆیەک بوون بۆ ڕۆژنامەوانان، نوسەران و هاوڵاتییان بۆ دەربڕینی بیروڕا جیاوازەکانیان. بەڵام وەک د.سامان فەوزی (چاوپێکەوتن ، ٢٥-١٠-٢٠٢٣)، دەیخاتەڕوو، زۆربەیان لەگەڵ ئەوەی کە سەر بە هیچ ئۆرگانێکی سیاسی نەبوون، بە هەناسەیەکی ئۆپۆزیسیۆن کاریان دەکرد و زۆرکات نمایندەی سیاسەتێکی بەرهەڵستکارانەیان کردوە.

د. ئەحمەد عومەر(چاوپێکەوتن، ١٣-٩-٢٠٢٣) لەم بارەیەوە دەڵێت کە، هەوڵی دامەزراندنی ڕاگەیاندنی ئەهلی بچووک و بەرتەسک بووە، کە لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی چاپەمەنیدا قەتیسماوە، لەڕووی جوگرافیشەوە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا نەبووە؛ بەڵکو بەدیاریکراوی لە سنووری ئیدارەی سلێمانیدا بەدیکراوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێژە کەمەی ئازادی بووە، کە لە ناوچەکەدا فەراهەمبووە. جگەلەوە زۆرێک لە دامەزراوە ئەهلییەکان بە تێپەڕبوونی کات لەپێناو وەرگرتنی پاڵپشتیی دارایی پەیوەندییان لەگەڵ کەسایەتی و گروپە سیاسییەکان دروستکردووە. لە ئێستادا هیچ ڕاگەیاندنێکی ئازاد و پرۆفیشناڵ لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەتایبەت هەندێک ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بچوک دروستبوون،

کە بەرژەوەندی گروپ و لایەنی سیاسی دیاریکراو ئاڕاستەی کارکردنیان دیاریدەکات. توێژینەوەی Hussein (2018) پشتڕاستی دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەوانانی ئەهلی بانگەشەی سەربەخۆ بوون دەکەن و جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لەژێر کاریگەری حیزبە سیاسییەکاندا نین، بەڵام چەندین جار بۆ پارێزگاریکردن لە کارەکەیان بێدەنگیان هەڵبژاردووە و دواجار ئەم بێدەنگییە کاریگەری لەسەر ڕووماڵەکانیان دروستکردووە.

**سێیەم: گەشەسەندنی پیشەیبوونی ڕۆژنامەوانی:**

پیشەییبوون سێ ڕەهەند لەخۆدەگرێت، ئەوانیش سەربەخۆیی، خزمەتی گشتی و کۆدە ئیتیکییەکان. (Hallin and Mancini, p :36 , 2004) بەپێی ئەم بۆچوونە ڕەگەزێکی سەرەکی لە چەمکی "پیشەییبوون" ئەوەیە ڕۆژنامەوانی بە ئاڕاستەی ڕەخساندنی سەکۆی گفتوگۆ بە سەربەخۆیی بەبێ کاریگەرییە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا کاربکات. سەربەخۆیی پیشەییش لەبواری ڕۆژنامەوانیدا بنەمایەکی پیشەییە لەنێوان ڕۆژنامەوانانداو بەو واتایە دێت کە لایەنە بەرژەوەندخوازەکان نەتوانن ڕۆژنامەوانان بجوڵێنن و ئاڕاستەیان بکەن. (OxfordReference,2023) ئەگەرچی ڕەگەزی سەرەکی لە لێکدانەوەی چەمکی "سەربەخۆیی" دا نەبوونی فشار لەسەر ڕۆژنامەوانان، بەڵام زۆرێک لە توێژەران وەک بابەتێکی نموونەیی "ئایدیاڵ" دەڕواننە ئەم پرس(Deuze, 2005)

ئەگەر سەرنج لە ڕادەی پیشەییبوونی ڕۆژنامەوانی بدرێت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، درک بەوە دەکرێت، زۆرێک لە بنەما پیشەییەکان فەرامۆشکراون. بە بۆچوونی بەشێک لە چاودێران ڕۆڵی سەرەکی ڕاگەیاندن لەبری خزمەتی گشتی بریتیبووە لە دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر دوو جەمسەردا. وەک ڕۆژنامەوان و چاودێریی دۆخی ڕاگەیاندن، ڕەحمان غەریب(چاوپێکەوتن ،١٤-٩-٢٠٢٣)، دەیخاتەڕوو، زۆربەی کات ڕاگەیاندن بارودۆخی سیاسیی زیاتر ئاڵۆزکردوە و بە ئاڕاستەی قوڵکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان هەنگاوی ناوە، و بەپێی خواستی هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان یاری پێکراوە. هەر بۆیە بابەتی پیشەییبوون هەمیشە شوێنی پرسیار و مشتومڕ بووە. لە دۆخێکی هاوشێوەدا ڕاگەیاندن وەزیفەی خۆی ون دەکات. ئەوەندەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرقاڵی پیشاندانی وێنەکانی حیزب و کەسایەتییەکانە بە کۆمەڵگەی کوردی، هێندە خەریکی نیشاندانی وێنەکانی کۆمەڵگەی کوردی نییە بە حیزب و کۆمەڵگە، لەپێناو ئەجێندای حیزبەکاندا کەمتر لایەنی پیشەیی ڕەچاو دەکات. (مەریوان قانع، ٢٠١٣ ، ل ٤٢٣)

نوسەری کورد بەختیار عەلی لەمبارەیەوە بۆچوونی وایە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکانی پاش ڕاپەڕین ڕۆڵێکی خراپیان هەبوە و بەشداربوون لە پەلکێشکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو لێواری شەڕی ناوخۆ. (هێرش موراد، ٢٠٠٨) زۆرێک لە چاودێران لەسەر ئەوە کۆکن پیشەیبوون لەسەردەمی شەڕی براکوژیدا لە خراپترین دۆخدا بووە. (د. سامان فەوزی؛ د کاروان عەلی؛ د. ئەحمەد عومەر ؛ د.ئیبراهیم سەعید) بەشێوەیەک گوتاری ڕاگەیاندنی حیزبەکان کێڵگەی بەرهەمهێنانی ڕق و کینە بوون؛ سەرکردە سیاسییەکان لەرێگەیانەوە بانگەوازە هەڕەشەئامێزەکانیان بڵاوکردۆتەوە. لەم قۆناغەدا ڕاگەیاندن وەک دامەزراوە سەربازییەکان لەلایەن هەردوو لایەنی سەرەکیی بەشداربووی شەڕ بۆ جەنگی دەروونی، هەروەها وەک ئامرازێکی پروپاگەندەی جەنگی بۆ لێدان، شکاندنەوە و سڕینەوەی یەکتر بەکارهێنراوە.

لە ڕوانگەی هارۆڵد ویلنسکی، بیرمەندی بواری کۆمەڵناسی، پیشە "پشتدەبەستێت بە مەعریفەیەکی میتۆدی و باوەڕێکی دیاریکراو، کە لەرێگەی ڕاهێنانی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەستهاتووە. " (Wilensky, 1964) بەڵام پابەندبوون بە ئەم پرینسیپە گرنگە بەنزیکی لە دەیەی یەکەمی ڕاگەیاندنی پاش ڕاپەڕین لە پیشەی ڕۆژنامەوانیدا لاواز بووە. لە سەرەتاکانی وێستگەی دوای ڕاپەریندا، پێوەرە پیشەیی و ئیتیکییەکان بابەتێکی نامۆ بووە. ئەو کەسانەی وەک ڕۆژنامەوان کاریان کردوە شارەزاییەکی کەمیان لە بوارەکەدا هەبووە. وەک د.کاروان عەلی (چاوپێکەوتن، ١٣-٩-٢٠٢٣) ئاماژەی بۆ دەکات، زۆربەی سەرنوسەر، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوبەری دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان، هەمان ئەو کادیر و سەرکردە حیزبیانە بوون، کە پێشتر سەرمەشقی ڕاگەیاندنی هێزە کوردستانییەکان بوون لە شاخ. بەشێکیشیان پاشخانێکی ئەدەبیان هەبووە. لەو کاتەدا لە بواری ئیتیکی ڕۆژانەمەوانیدا ستراتیژێتێکی دیاریکراو، کە ڕۆژانەمەوانان پێوەی پابەندبووبن لەئارادا نەبووە، بەڵکو تەنها بەها کۆمەڵایتییەکان لەبەرچاوگیراون. هەروەها هیچ

ناوەندێکی ڕۆژنامەوانی لەئارادانەبووە، کە خاوەنی بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی یاخود ڕێسای ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بێت، ڕۆژنامەوانان بەگوێرەی لێکدانەوە و سەلیقەی تایبەتی خۆیان، یاخود بەپێی دۆستایەتی و حیزبایەتی، مامەڵەیان لەگەڵ وێنە و دەقی ڕۆژنامەوانی و سەرچاوەی زانیارییەکاندا کردوە.( شوان ئەیڤس، ٢٠٠٦)

جگە لەوە ، هەل بۆ ڕۆژنامەوانان نەڕەخساوە، تاوەکو بە پیشەیی فێری کارکردن بن، تاوەکو ساڵی ١٩٩٩ هیچ ڕاهێنانێکی ئەکادیمی بۆ شیاندنی ڕۆژنامەوانان لە ئارادا نەبووە، هەروەها بەشەکانی ڕاگەیاندن تاوەکو ساڵی (١٩٩٩) لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا نەکراونەتەوە، لەو کاتە بەدواوە ئیدی ڕۆژنامەوانان تاڕادەیەک ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکی پیشەییبوون، پێوەرە پیشەییەکان و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیدا پەیداکرد. (Mawlood 2011) لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی پێشێلکارییە ئیتیکییەکان ئەوە دەگەیەنێت، فەراهەمبوونی هۆشیاری لەم بوارەدا، نەبوەتە هۆی نەهێشتنی سەرپێچیی و ناچارکردنی ڕۆژنامەوانان بە پابەندبوون بە پرینسیپە ئیتیکییەکان.

بە گوتەی د. سامان فەوزی (چاوپێکەوتن ،٢٥-١٠-٢٠٢٣) لە سەردەمی ڕاگەیاندنی ئەهلیدا، بەراورد بە قۆناغی پێشتر، پابەندبوون بە بنەما پیشەییەکان ئاستی باشتر بووە، بەڵام چەند مۆدێلێکی جیاوازتر لە پێشێلکاریی هاتنە کایەوە، لەوانە، یەکنەگرتنەوەی سەردێڕ لەگەڵ ناوەڕۆک و باسکردنی ژیانی تایبەت. لە قۆناخی سەرهەڵدانی ڕاگەیانی سێبەریشدا پەیوەستبوون بە بنەما پیشەییەکان بە پێی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گۆڕاوە، بەڵام هەندێک لە دامەزراوە حیزبییەکان میدیای سێبەرییان بۆ ململانێ حیزبییەکان بەکارهێناوە. پێشێلکارییەکانیش بەزۆری لەو ڕاگەیاندنانەدا دەکرێت کە خاوەنەکەیان نادیارە.

چەندین توژینەوەش گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی، کە لە هەلومەرجی ئێستاشدا دامەزراوەکان بەشیوازی جیاواز پێشێلی بنەما پیشەییەکانیان دەکەن. توژینەوەی ئازاد عبدالعزیز (٢٠٢٢) سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی

پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەریخستوە، زۆرترین پێشێلکاری ئیتیکی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و وێنەی قوربانییان و هاندانی لێکترازان و ناکۆکی سیاسی بووە. لە دیدی د. ئەحمەد عومەر( ١٣-٩-٢٠٢٣) ،ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە سەردەمی شەڕی ناوخۆش خراپترە، چونکە پەیامەکان تەنها کاریگەرییان لەسەر لایەن و گرووپێکی سیاسی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەم سەردەمەدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کەسانی ئاسایی و بێلایەن بە ئامانج دەگرن و ناویان دەزڕێنن و زانیاری ناڕاستییان لەبارەوە بڵاودەکەنەوە.

**چوارەم: ڕادە و سروشتی دەستوەردانی دەسەڵات:**

بەگشتی دەستوەردانی دەوڵەت لە سیستمە جیاوازەکاندا بۆ کاروبارەکانی ڕاگەیاندن بە دوو شێواز ئەنجامدەدرێت ئەوانیش، ڕاستەوخۆ (خاوەندارێتیکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن) یاخود بە ناڕاستەوخۆ (دانانی یاسا پەیوەندیدارەکان بە ژیانی تایبەت، ناوزڕاندن، گوتاری ڕق و کینە، مافی دەستگەشتن بە زانیاری فەرمی، یاساکانی ڕێکخستنی خاوەندارێتی، یاساکانی مۆڵەتپێدان و تادوایی) (Hallin and Mancini, 2004) ڕادەی ئەم دەستوەردانەش بە پێی سروشتی سیستمی سیاسی وڵاتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

لە سەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە تاوەکو کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆ، شێوازی دەستوەردانی دەسەڵاتی کوردی لە ڕاگەیاندندا وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە لەڕێگەی سەرکردە سیاسی و حیزبە سیاسییەکانەوە، ڕاستەوخۆ و بەپلان بووە. سنوورەکانی نێوان ڕاگەیاندنی حیزب و سیاسەتی حکومەت بە ئاسانی جیانەکراوەتەوە. (هەردەوان کاکەشیخ و عبدالخالق ئیبراهیم، ٢٠٢١) بە واتایەکی دیکە، شتێک نەبووە بەناوی 'دەستێوەردانی دەوڵەت'، بەڵکو ڕاگەیاندن خۆی جومگەیەکی سەرەکی دەسەڵات و بەشێکی جیانەکراوە بووە لێی. دابەشبوونی سیاسی هەردوو پارتی فەرمانڕەوا لە بابەتەکانیان و شێوازی کارکردنیان ڕەنگیداوەتەوە و هەریەکێکیان لە خزمەتی گرووپێکی سیاسی دیارکراو کاریان کردووە.

هەرچەندە چەندین دامەزراوەی ڕاگەیاندن لەژێر ناوی ڕاگەیاندنی فەرمیی حکومەت و ڕاگەیاندنی نیشتمانی دامەزران و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە کارکردن بەردەوام بوون. لەوانە، ڕۆژنامە، گۆڤارو تەلەڤزیۆنی (هەرێم) کە دواتر داخرا و کەناڵی ئاسمانیی (نەورۆز) لە جێگەی

دامەزرا و دواتر ئەو کەناڵەش گۆڕدرا بۆ کەناڵی پەرلەمان و لەلایەن ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرا و تاوەکو ساڵی (۲۰۱۲) بەردەوام بوو دواتر داخرا. وەک توێژینەوەی کاروان عەلی و هێرش موراد، (۲۰۱۹) دەیخاتەڕوو، (ڕاگەیاندنی نیشتمانیی) بە مانا زانستی و پیشەییەکەی بوونی نەبووە، ئەوەی کە هەیە تەنها هەوڵی بەراییە، بەڵام بە شێوەیەکی ناپیشەیی، ناڕێک و سنووردار؛ ئاستەنگەکانی بەردەمیشی فرە و جیاوازن لەوانە، زاڵبوونی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا، ئاستەنگی سیاسی و نەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی) بەهەمان شێوە هەردەوان کاکەشیخ و عبدالخالق ئیبراهیم (۲۰۱۷) کۆکن لەسەر ئەوەی لەسەرجەم وێستگەکانی پاش ڕاپەڕیندا، ڕاگەیاندێکی لاواز بووە، لەبری گوتارێکی نیشتمانی خاوەنی گوتارێکی حیزبی بووە و لە هەناوی هەڵکشان و داکشانی نێوان کێشە و ململانێیی بارودۆخە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا بووە.

یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی دەستوەردانی دەسەڵاتی کوردی لە کاری ڕاگەیاندن بریتی بووە لە دەرکردنی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی لەوانە، یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (۱۹۹۳)دا، یاسای ژمارە (۱۳)ی (۲۰۰۱) بەناوی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی-عێراق، یاسای ژمارە(٤۰)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی (۲۰۰٤) دا، هەروەها یاسای ژمارە (۳٥)ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ساڵ (۲۰۰۷)، یاسای ژمارە (۱۱)ی مافی دەستکەوتنی زانیاری ساڵی (۲۰۱۳)دا ، یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی (۲۰۱۹) لەگەڵ چەند ڕێنماییەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی. (ماڵپەڕی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ۲۰۲۳).

بەشێک لە چاودێران ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرن بەوەی دەستوەردان دەکات. ئەوەتا ڕەحمان غەریب، سەرۆکی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان (چاوپێکەوتن ،١٤-٩-٢٠٢٣) دەڵێت، جێبەجێنەکردنی یاساکانی ڕۆژنامەوانی، مامەڵەکردنی لەگەڵ کەیسەکان لە دەرەوەی یاسادا، سزادانی ڕۆژنامەوانان بە ماددەی (۲۲٦) لە یاسای سزادانی عێراقی لەبری یاسای ڕۆژنامەوانی، کە ڕێگە بە بەندکردنییان دەدات، گرفتی مۆڵەتپێدان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکردنی ڕێنمایی لەلایەن وەزارەتەکان، کە زۆرجار پێچەوانەن لەگەڵ ماددەکانی یاسای ڕۆژنامەگەری لە دیارترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانین لە هەرێمی کوردستاندا. لە ڕووی ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەشەوە، ئەو ئازادییەی پاش ڕاپەڕین بەدیهات 'مەرجدار' بووە لەژێر چاودێریی حیزبدا. زاڵبوونی دەسەڵاتی حیزب بەربەستی لەبەردەم کاری ڕۆژنامەوانی دروست کردوە و ڕۆژنامەوانان بەهۆی کارەکانیانەوە ڕووبەرووی پێشێلکاری بوونەتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا نەگونجاون. (جوان جەلالەدین، ٢٠٢٢) لە قۆناغی پاش ڕاپەرین، تاوەکو سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ئەهلی بایەخێکی کەم بە ئازادی ڕادەربڕین و یاساکانی ڕۆژنامەگەری دراوە. لەگەڵ دەرکەوتنی چاپەمەنییە ئەهلییەکاندا سنووری ئازادییەکان تاڕادەیەک فراوان بوو، بەڵام وەک ڕاپۆرتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی ڕێکخراوەکانی بواری ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ دەیخەنەڕوو فشار و هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەوانان و دەنگی ئازادەکان کپدەکرێن، بەتایبەت لەکاتی ناساقەمگیری سیاسی و ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان، یاخو لەکاتی وروژاندنی پرسە هەستیارەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و لادانی سەرکردە و هێزە سیاسییەکان، ڕۆژنامەوانان ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە.

لەوانە دەستدرێژی، هەڕەشە، هەراسانکردن، هێرش و پەلامار؛ بە جۆرێک زۆرجار بوونەتە قوربانی و تا ڕادەی مەرگ باجی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانیان داوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٢) لەسەرانسەری جیهاندا هەزار و شەش سەد و ٦٨ ڕۆژنامەوان بەهۆی پیشەکەیانەوە کوژراون، کە ٥٧٨ یان لە سوریا و عێراق بوون (RSF, 2022) . هەروەک توێژینەوەی ئالا لەتیف (٢٠١٣) دەیخاتەڕوو لە ژینگەی کاری ڕۆژنامەوانیدا لە ساڵی(٢٠١١-٢٠١٢) ڕۆژنامەوانان ڕوبەڕوی بە پلەی یەکەم سوکایەتی پێکردن و بە پلەی دووەم ڕێگریکردن لە ڕوومالْ بوونەتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی دامەزراوەکانیش، سوتاندن، هەڕەشە، هەڵکوتانە سەریان لە پێشینەی پێشێلکارییەکاندا دێن. ڕاپۆرتی ساڵانەی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان (٢٠٢٣) ، کە سەبارەت بە پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەوانان و دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەدات، تەنها لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی (٢٠٢٢)دا (٤٣١) پێشێلکاری تۆمارکراوە، کە (١٩٥) یان ڕێگری بووە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و لایەنی فەرمی لە ڕوماڵکردن، (٦٤) دەستبەسەرکردن بەبێ بڕیاری دادگا، (٦٨) زەوتکردن و شکاندنی کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی، (٢٦) لێدان و برینداربوون لەگەڵ چەندین پێشێلکاری دیکە، ئەمە لەکاتێکدایە کە چەندین کەیسی دیکە پێشێلکاری ڕاپۆرتیان لەبارەوە نەدراوە.

## دەرئەنجامەکان:

١. هەوڵە زانستییەکان بۆ پۆلێنکردنی سیستمەکانی ڕاگەیاندن فرەن و هاوتا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم بوارە، گەشەیانسەندووە.

٢. لە هەرێمی کوردستاندا سێ مۆدێلی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن هەیە ئەوانیش( خاوەنداری پارتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات (ڕاگەیاندنی حیزبی)، خاوەنداری ئەهلی (ڕاگەیاندنی ئەهلی)، خاوەنداری نارستەوخۆ (ڕاگەیاندنی سێبەر).

٣. پاشەکشەی ڕۆژنامەی کاغەز و نزمی تیراژی ڕۆژنامەکان، بوونی پەیوەندی بەهێز لەنێوان کایەی سیاسەت و ڕاگەیاندن، لاوازی ئاستی پیشەیبوون و سەربەخۆیی ڕۆژانامەوانی، لاوازی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، بەرزی ئاستی دەستێوەردانی دەسەڵات بۆ کاروباری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی، بەپێی پێوەری هالین و مانسینی ڕاگەیاندنی کوردی نزیکە لە مۆدێلی فرەلایەنی جەمسەربەند/ وڵاتانی دەریای ناوەڕاست (Polarized Pluralist Model).

٤. ژمارە و جۆری پێشێلکارییەکان ، کە بەرامبەر ڕۆژنامەوانان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت ئاماژەبن بۆ ئەوەی لە هەندێک لایەن ڕاگەیاندنی کوردی زیاتر لە مۆدێلی دەسەڵاتخوازیی نزیکە وەک لە فرەلایەنی جەمسەربەند.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب

### ا\ کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

1. Benson, R., (2016) Institutional forms of media ownership and their modes of power.In Eide,M. , Larsen,L. and Sjøvaag, H. (Eds.), Journalism Re-Examined: Digital Challenges and Professional Orientations Lessons from Northern Europe (pp.27-48.) Chicago: University of Chicago.
2. Christians, C.G et al. (2009) Normative theories of the media: Journalism in democratic societies. Chicago: University of Illinois Press.
3. Esser, F. and Hanitzsch, T. (Eds.). (2013) The handbook of comparative communication research. Oxfordshire: Routledge.
4. Hallin, D.C. and Mancini, P. (Eds.). (2004) Comparing media systems: Three models of media and politics. Cambridge: Cambridge University Press.
5. Hardy, J. (2013). Comparing media systems. In Esser, F., & Hanitzsch, T. (Eds.), The handbook of comparative communication research (pp.185-206). Oxfordshire: Routledge.
6. Humprecht, E. (2019) Ownership of news media. In Vos, T. ;Volker,H.; Dimitrakopoulou, D. ; Geertsema-Sligh, M. and Sehl, A. (Eds.), The International Encyclopedia of Journalism Studies (pp.1-13.) Oxford:Wiley-Blackwell Publishing.
7. Martin, L. and Chaudhary, A (1983) Comparative Mass Media Systems. New York: Longman.
8. McQuail, D. (1983) *Mass communication theory: An introduction*.Los Angeles: Sage Publications.
9. Papathanassopoulos, S., (2007) The Mediterranean/Polarized pluralist media model countries. In Terzis, G. (Ed.), European Media Governance: National and Regional Dimensions. (pp.191-200.)Bristol:Intellect Books.
10. Picard, Robert G. (1985) The Press and the Decline of Democracy : the Democratic Socialist Response in Public Policy. Westport: Greenwood Press.
11. Siebert, F., Peterson, T. and Schramm, W. (1956) Four theories of the press: The authoritarian, libertarian, social responsibility, and Soviet communist concepts of what the press should be and do. Champaign: University of Illinois press.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

12. Sterling, C. H. (2009) ‘Encyclopedia of Journalism’. Thousand Oaks: SAGE Publications.

13. Strömbäck, J., Ørsten, M. and Aalberg, T. (2008) (Eds.). Political Communication in the Nordic Countries. Communicating Politics. Gothenburg: Nordicom.
14. Taha, M. Y. (2020) Media and Politics in Kurdistan: How Politics and Media are Locked in an Embrace. London: Lexington.

**ب\کتێب بە زمانی کوردی**

1. سامان، جەلال. (٢٠٢٣) ئینسایکلۆپیدیای میدیای کوردی. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.
2. سەنتەری میترۆ. (٢٠٢٣) پارێزەرانی یاسا لە ئەرکەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە. سلێمانی.
3. شوان، ئەیفس. (٢٠٠٦) ئیتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
4. کاروان، عەلی و هێرش، موراد (٢٠١٩) ڕاگەیاندنی نیشتمانیی. **سلێمانی:** چاپخانەی حەمدی.
5. مەریوان، وریا قانع. (٢٠١٣) شوناس و ئاڵۆزی. سلێمانی: ئەندێشە.
6. هێرش، موراد (٢٠٠٦) ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان ١٩٩٤-٢٠٠٢. سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.
7. هێرش، موراد (٢٠٠٨) میدیا و دەسەڵات. سلێمانی: چاودێر.
8. هەردەوان، کاکەشیخ. و عبدالخالق، ئیبراهیم. (٢٠١٧) ئابووریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن. هەولێر: ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر.
9. هەڤاڵ، ئەبوبەکر (٢٠٠٢) ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی جیهانگیرییدا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشتی سەردەم.

**دووەم: ماستەرنامە و دکتۆرا:**

**ا\ماستەرنامە و دکتۆرا بە زمانی ئینگلیزی**

1. Gharib, Ahmed Hama. (2016) Political Communication and the Media in Kurdistan.PhD thesis. Sheffield Hallam University_
2. Hussein, H. (2018) The Role of News Media in Supporting Democracy in Kurdistan Region. PhD thesis. Nottingham University.

3. Ismaeli, A. (2015). The Role of The Media in Developing Democracy In Kurdistan: A study of Rudaw Journalists Perspectives, Notions and Attitudes (Master's thesis).
4. Mawlood, Saman Jalal .(2011) Challenges and Opportunities: The Impact of the Press Law (2008) on the Role of Journalism in the Kurdistan Region post-2003. PhD thesis. University of Bradford.
5. Syan, K. A. Q. (2015). Media in an emergent democracy: the development of online journalism in the Kurdistan region of Iraq (Doctoral dissertation, University of Bradford).

**ب\ ماستەرنامە و دکتۆرا بە زمانی کوردی**

1. ئازاد، عبدالعزیز. (٢٠٢٢) ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە-ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین.
2. ئاڵا، لەتیف (٢٠١٣) ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا. ماستەرنامەی بڵاونەکراوە. زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.
3. جوان، جەلالەدین. (٢٠٢٢) ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.
4. کاروان،عەبدوڵڵا. (٢٠٢٢) کاریگەرێتی سەرچاوە داراییەکان لەسەر پەیامسازی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

**ج\ماستەرنامە و دکتۆرا بە زمانی عەرەبی**

1. شێرکۆ ، مەنگوڕی (٢٠١١) واقع الصحافةبإقليم كوردستان العراق في ضوء نظريات الصحافة اطروحة الدكتورا. جامعة السليمانية- جامعة السليمانية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سێیەم: توێژینەوەکان:

### ا\ توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی


1. Brants, K. and Van Praag, P., 2006. Signs of media logic half a century of political communication in the Netherlands. Javnost-the public, 13(1), pp.25-40.
2. Deuze, M. (2005). What is journalism? Professional identity and ideology of journalists reconsidered. Journalism, 6(4), pp.442-464.
3. Wilensky, H. L. (1964) The professionalization of everyone?. American journal of sociology, 70(2), pp.137-158


### ب\ توێژینەوەکان بە زمانی کوردی


1. ئیبراهیم، سەعید (٢٠١٨) میدیا لە سایەی ژینگە قەیراناوییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەک نموونە. ناوەندی کوردستانی بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ٢٩(٥٠) ، ل ٣٥-٤٤.
2. هاوژین، عومەر (٢٠٢١). دۆخی ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا. ناوەندی کوردستانی بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، بەردەستە لە:
3. https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1634
4. شوان، ئەیقس. (٢٠٢٢) گەشەپێدانی میدیایی و ئاماژەکانی؛ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٢١ وەک نموونە. گۆڤاری توێژەر. ٥(٢)، ل. ٨٩٥-٩٨٢.


## چوارەم : ماڵپەڕەکان:

### ا\ماڵپەڕەکان بە زمانی ئینگلیزی


1. OxfordReference (2023) Available at:
2. https://www.oxfordreference.com
3. Reporters Without Boarders (2010) Betwwen Ferredom and Abuses: The Media Paradox in Iraqi Kurdistan. Available at: https://issuu.com/rsf_webmaster/docs/rsf_rapport_kurdistan_irakien_nov_2010_gb?backgroundColor=%23222222 (Accessed 25 July 2023).
4. Sterling, C. H. (2009) Encyclopedia of Journalism. Available at: https://doi.org/10.4135/9781412972048.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب\ماڵپەڕەکان بە زمانی کوردی**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (٢٠٢٣) یاساکان. بەردەستە لە:
https://www.kurdjs.com/kurdish/yasakan

NRT (٢٠٢٣) دەربارە. بەردەستە لە:
https://www.nrttv.com/About

**پێنجەم: چاوپێکەوتن:**

1. د. ئەحمەد عومەر. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەر لە ڕێکەوتی١٣-٩-٢٠٢٣.
2. د. ئیبراهیم سەعید. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەر لە ڕێکەوتی٣-٩-٢٠٢٣.
3. بژار حەکیم. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەر لە ڕێکەوتی ١٧-١٠-٢٠٢٣.
4. تاریق فاتیح. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەران لە ڕێکەوتی ١٨-١٠-٢٠٢٣
5. توانا عوسمان. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەر لە ڕێکەوتی ٢١-٩-٢٠٢٣
6. ڕەحمان غەریب. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەران لە ڕێکەوتی ١٤-٩-٢٠٢٣
7. سەلام عەبدوڵا. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەران لە ڕێکەوتی ١٨-١٠-٢٠٢٣
8. د. سامان فەوزی. چاوپێکەوتن. ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەران لە ڕێکەوتی ٢٥-١٠-٢٠٢٣
9. د. کاروان عەلی. چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەر لە ڕێکەوتی١٣-٩-٢٠٢٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١) بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Theoretical Analysis of the Position of Kurdish media Landscape within Media Systems

**Hazhan Khalid Ahmed**
Department of Media, College of Human Sciences, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hazhankhalid@gmail.com

**Prof. Dr. Salam Nasraldin Mohammed**
Department of Media, College of Human Sciences, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: salam.mohammed@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Media System, Media Landscape, Kurdistan Region,Media Ownership Polarized Pluralist*

## Abstract

This study examines the media system in the Kurdistan Region of Iraq. Its objective is to identify the main categories of media systems worldwide and evaluate the Kurdish media environment in relation to these categories. The study takes a theoretical approach to investigate this topic. The key finding of the research reveals that the Kurdish media closely aligns with the polarized pluralist model. This is observed through the decline of print newspapers' circulation and, the strong connection between politics and media, the lack of professional standards and journalistic independence, the absence of a strong national media, and the high levels of government interference in media affairs.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی( ١٠ ) – ژمارە( ١ ) بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مكانة البيئة الاعلامية في إقليم كوردستان ضمن تصنيفات النظم الإعلامية

# دراسة نظرية

**ملخص:**
تتناول هذه الدراسة اشكالية النظام الإعلامي في إقليم كردستان العراق. هدفها هو تحديد الفئات الرئيسية لأنظمة الإعلام في جميع أنحاء العالم وتقييم البيئة الإعلامية الكردية فيما يتعلق بهذه الفئات. وتتخذ الدراسة المنهج النظري لدراسة هذا الموضوع.  وتوصل الدراسة الى جملة من الاستنتاجات ومن  أهمها، أن الإعلام الكردي تتوافق بشكل وثيق مع النموذج التعددي المستقطب. ويتجلى ذلك من خلال تراجع توزيع الصحف المطبوعة، و قلة اعداد الصحفز ، هناك الارتباط القوي بين السياسة والإعلام، وذلك لأن الأحزاب السياسية تدير وسائل الإعلام لمصلحتها الخاصة، وجود غياب المعايير المهنية والاستقلالية الصحفية، ضعف الإعلام الوطني القوي، بسبب انقسام المجتمع على اتجاهات سياسية مختلفة و ارتفاع مستويات التدخل الحكومي في شؤون الإعلام.